ڕێکخراوی روئیا

ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی

# بەشی وڵاتی عێراق لە بیناڵی   شاری ڤینیسیای ساڵی ۲۰۱۷ دا.

ڕێکخراوی   روئیا بەخۆشاحاڵیەوە زانیاری زیاتر ڕادەگەیەنێت سەبارەت بە بەشی وڵاتی عێراق لە  پەنجاوحەوتەمین فیستیڤاڵی هونەری ڤینیسیا لە مانگی ئایاری ساڵی ۲۰۱۷. پێشانگای " کۆنینە" هەڵدەستێت بەنمایيشکردنی کارەهونەریەکانی هەشت کەس لە هونەرمەندە نوێ و هاوچەرخەکانی وڵاتی عێراق لە دوتوێی گفتوگۆیاندا لەگەڵ چل پارچە شوێنەواری کۆنی عێراقی کە لە مۆزەخانەی وڵاتی عێراقەوە هێنراون و مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ لەوەوپێش، کە لە چاخی بەردینەوە درێژدەبێتەوە تاکو سەردەمی نوێی بابلیەکان. زۆربەی ئەم شوێنەوارە کۆن و مێژوییانە هیچ کاتێک عێراقیان بەجێنەهێشتوە جگە لە هەندێکیان نەبێت کە لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دا لەساڵی ۲۰۰۳ لە مۆزەخانەی نیشتیمانی عێراقدا بەتاڵان بران و   لەم دواییان   گەڕێندرانەوە. پێشانگاکە هاوکات دەبێت لەگەڵ کارێکی رۆشەنبیری هونەری نوێ لەلایەن هونەرمەندی نێودەوڵەتی بەرەچەڵەك بەلجیکی 'ڤرانسیس ئەلایس' لە سەر بابەتی هونەرمەند و جەنگ. پێشانگای " کۆنینە" دەبێتە سێیەمین بۆنە(چالاکی هونەری) کە تیایدا  رێکخراوی روئیا بانگهێشت کراوە بۆ نمایيشکردنی بەشی وڵاتی عێراق لە فیسیفاڵی هونەری ڤینیسیادا.

سنوردارێتی وبەرتەسکی زاراوەی "کۆنینە"لە بوونی فرە ڕێچکەیی گەرانەوەی ئەم زاراوەیەدایە بۆ دێرینی و سادەیی و سەرەتایی بوونی هەروەها بۆ ئەوەی کە لە ئێستادا لە دەرەوەی سنوری بەکارهێناندایە. پێشانگاکە هەڵدەستێت بە   پوختکردنەوەی ئەم بەرتەسکیەی زاراوەکە  بۆ جەختکردنەوە لە سەر پەیوەندی راستەوخۆی زاراوەکە بە وڵاتی عێراقەوە، ئەم وڵاتەی کە دەتواندرێت بگوترێت کە واقیعە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و ئیداریەکەی بە ئەندازەی کولتور و میراتە دێرینەکەیەوە کۆنە. پێشانگاکە بەهاوبەشی لە لایەن هەریەک لە خاتو تامارا چەلەبی (سەرۆکی رێکخراوی روئیا) و بەڕێز پاولۆ

کۆلۆمبۆ(ڕاویژکاری هونەری مۆزەخانەی ئیستەنبۆڵ)   ەوە سەرپەرشتی دەکرێت. ئەم سەرپەرشتیارانە سەبارەت بە پێشانگاکە وتویانە کە:

" لە گەڕان بەدوای میراتی هونەری عێراقدا هەر لە سەردەمی چاخە بەردینەکانەوە تاکو ئێستا ، چەمکی "کۆنینە"ش دەست دەکات بە گەران و لێکۆڵینەوە لەم ڕێگە جیاوازانەی کە مێژووی کۆنی عێراق بەهۆیەوە کاریگەری خۆی داناوەتە سەر زمانە بینراوە نوێ وهاوچەرخەکانی، و ئەمەش لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی هەلەکان و ئەو کۆت وبەندانەی کە دەخرێنە بەردەم نەتەوە لەڕێگەی میراتە گەورە و کۆنەکەیەوە، ئەویش لە سیاقی واقیعێکی لەرزۆک لێک هەڵوەشاوەی وەکو ئەمرۆدا."

لە نێو پێشانگاکەدا نزیکەی چل بابەتی شوێنەواری و دێرین نمایش دەکرێن، کە دەگەڕێنەوە بۆ دوای سەردەمی مێژوویی (حەلەف) (٦،١٠٠-٥،١٠٠ پێش زایین)  هەروەها بەرلە سەردەمی مێژوویی پارثەکان لە ماوەی (٢٤٧ بەر لە زایین، - ٢٢٤ی زایینی). پارچە شوێنەواریەکان لە بەرد، شوشە، کوپ و گۆزەی دروستکراو لە قوڕ و ستامپی مۆرکردن، تابلۆکانی خەتی مسماری، کەلوپەلی پزیشکی، ئامێری مۆسیقی، پەیکەری ئاژەلان، خوداکان، خەڵک و بەلەمەکان، هەروەها کەرەستەو کەل و پەلی بەکارهێنانی ڕۆژانەی وەک دۆلکە، بێژینگ و یاری منداڵان. هەندێک لەم کەرەستەو کەل و پەلانە لە ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠١٠ دا لەچەند ناوچەیەکی جیاوازی جیهانی وەک سوریا و هۆلەندا و ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە لە رێگەی پۆلیسی نێودەوڵەتیەوە گەڕێندرانەوە بۆ مۆزەخانەی عێراق. لە نێویاندا ئامێری کێشانی قورسایی بەردی بابلی تێدابوو کە لە شێوەی کۆتر بوو هەروەها پەیکەری قورین کە وامەزەندە دەکرێت خودای پیت و بەرەکەت بێت و مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ٦٠٠٠ ساڵ بەر لە مێژوو. پارچە شوێنەواریەکان لە لایەن سەرپەرشتیار خاتو تامارا چەلەبیەوە هەڵبژێردراون  بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێز قاسم حوسێن ڕەشید بەڕێوەبەری بەشی شوێنەوار لە مۆزەخانەی عێراقی و تیمەکەی هەروەها شوێنەوار ناس خاتوو لەمیا گەیلانی.

یەکێکیتر لە لایەنە شاردراوەو ناوازەکانی ئەم پێشانگایە بریتیە لە گرێبەستی منال لە ئەستۆ گرتن.( contract of adoption) کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلیەکان، ئەمەش بۆخۆی شتێکی گرینگە، لە بەر ئەوەی هەریەک لە تابلۆکەو زەرفەکەی وەک خۆیان ماونەتەرە بێئەوەی هیچ زیانێکیان بەربکەوێت. جگەلەمانە کۆمەلێک ستامپی مۆری دۆزراوەش نمایشکراون، کە لەلایەن شاهید  و  گەواهیدەرەکانەوە بەکاردەهێندران بۆ ئەوەی ناوەکانیان تۆمار بکەن. یەکێکیتر لە نمایشکراوە ناوازەکان بریتیە لە ستامپێکی مۆرکردنی لولەکی سەردەمی ئەکەدیەکان کە وێنای سێ نیگاری وەک یەکی گلگامێش دەکێشێت هەروەها تێکستێکی قوری لولەیی قوتابخانەیی سەردەمی بابلیەکان، ئەوسا ئەم تێکستە لولەکیە قورینە بەکاردەهێندرا بۆ فێرکردنی نووسین.

پارچە شوێنەواریەکان ڕێگە بۆ پیشانگاکە خۆشدەکەن لێکۆڵینەوە لە کۆنێتی بکات وەک گەواهی و ئاماژەیەک بۆ ئەو بابەتە جیهانیانەی کە بەر لە هەرشارستانیەتێکیشدا هەبوونە. سەرپەرشتیارانی پێشانگاکە حەوت لەم بابەتانەیان هەڵبژاردوون کە دەتواندریت هەر کارێکی هونەری هاوچەرخ لە گۆشەنیگای یەکێک لەم بابەتانەوە لێی ڕواندریت. بابەتەکانیش ئەمانەن: ئاو، زەوی، راوکردن، نووسین، مۆسیقا، ململانێ و کۆچکردن.

سەرجەم کارەکان لە دیزاینێکی شوشەیی تایبەتدا نماییش دەکرێن و دەبێت ڕەنگدانەوەی شێوازی نماییشی مۆزاخانەیەک بێت کە بەستراوەتەوە بە پێشانگایەکی شوێنەوار هەروەها پیادەکردنی نەخشەی سەر زەوی لە لایەن زانایانی شوێنەوار ناسیەوە. دەتواندرێت ئەمە واش لێک بدرێتەوە کە هەر نماییشێک وەک بەش یان کارێکی تاکەکەسی بخوێندرێتەوە لە نێو سداقێکی بەرفراوانتری چەمکی "کۆنینە"دا. پانتایی پێشانگاکە (بریتیە لە کتێبخانەیەکی چۆلکراو کە شوێنەوارێکی تۆمارکراوی مێژووییە و لە سەدەی نۆزدەهەمدا وەک درێژکراوەیەکی نوێی کۆشکی قووتیەکان زیادکراوە) و گوزارشتێکە لە بابەتی "کۆنینە".

کارە هونەریەکانی هەشت هونەرمەندە عێراقیەکەش نماییش دەکرێت. لەنێو شەش لەو هونەرمەندانەی کە ئێستا لە ژیاندان، پێنجیان هەڵدەستن بە بەرهەمهێنانی کاری هونەری نوێ بۆ پێشانگاکە. زۆرێک لەو هونەرمەندانەی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا کاردەکەن تاکو ئێستایشی لەگەڵ داپێت بەردەوامن لە پابەند بوونیان بە ستایلی جوانی کلاسیکیەوە کە تاوەکو ئێستایشی لەگەڵ داپێت لە وڵاتی عێراقەوە بەو سنورداریە ماوەتەوە و ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئاراستە پەروەردەییەکانی ناوەڕاستی سەدەی رابردوو و هەروەها نەبوونی هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی کولتوری عێراق لەگەڵ دونیای دەرەوە لەم چەند دەیەی ڕابردوود. سەرجەم هەوڵ و کۆششەکانی رێکخراوەی روئیا بریتیە لەکارکردن لەسەر پاراستن و هاندانی ئەم هونەرمەندانەی کە توانیویانە سنورەکانی ئەم شێوازە کلاسیکیە تێپەرێنن هەورەها بوارە هونەریەکانی وەک: هونەری دامەزراندن، ڤێدیۆ و هونەری فۆتۆگرافیش هاوشان لەگەڵ هۆکارە کلاسیکسیەکانی تری وەک هونەری نیگارکێشان و هەڵکەندن نوێنەرایەتیدەکرێت. کارە هونەریەکانی هونەرمەندە هاوچەرخەکانی عێراق هەریەک لە بەڕێزان : هونەرمەند شێرکۆ عەبباس(لە دایک بووی ساڵی ١٩٧٨)، هونەرمەند سادق کەویش ئەلفەرراجی (لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٠)، هونەرمەند عەلی ئارکادی (لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٢)، هونەرمەند لوئەی فازڵ(لە دایک بووی ساڵی ١٩٨٢)، هونەرمەند نادین حاتەم(لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٠)، هونەرمەند ساکار سلێمان(لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٩)، کارەهونەریەکانی ئەم هونەرمەندانە کارلێکی پێدەکرێت لەگەڵ کارە هونەریەکانی دوو هونەرمەندی مێژووی نوێی عێراقی، هەر یەک لە: هونەرمەند جەواد سەلیم (ساڵانی تەمەنی ژیانی ١٩١٩-١٩٦١) و هونەرمەند شاکر حەسەن ئال سەعید (ساڵانی تەمەنی ژیانی ١٩٢٥-٢٠٠٤). وەک پێشەنگانی نەریتی هونەری نوێی عێراقی، هەریەک لە هونەرمەندان جەواد سەلیم و شاکر حەسەن ئال سەعید لەڕیزی پێشەوەی ئەم هونەرمەندانەبوون کە هەوڵیاندەدا بۆ داهێنانی شیوازێکی نوێی هونەری عێراقی لە سەدەی بیستەمدا. هەردوکیان پەیوەندیان هەبوو لە گەڵ هونەرمەندە پێسەنگە ئەوروپیەکاندا هەروەها توانیان وەڵامدانەوە و ئامێزانبوونێکی بازاڕیانەی گشتی عێراقی بۆ میراتی کولتوری کۆن و ناوازەی ئەو وڵاتە لە نێو کۆمەڵگادا دروست بکەن.

نیگارکێش و پەیکەرتاش، جەواد سەلیم، هونەرمەندێکی زۆرناسراو بوو و بەباوکی هونەری نوێی عێراقی لەقەڵەم دەدرێت هەروەها بەشێوەیەکی گشتی لەسەرئاستی ناوچەکەشدا کاریگەریێکی زۆری هەبوو. ئەو یەکێک بوو لە یەکەمین هونەرمەندانی عێراق کە لە ئەوروپادا لە بواری هونەرە جوانەکاندا خوێندی، و ئەزموونی ئەو هونەرمەندە لە قوتابخانەی هونەرە جوانەکانی سلەیید لە شاری لەندەن لە گرێساڵی

سیەکانی سەدەی رابردوودا مانای ئەوەیە کە ئەو هونەرمەندە لە کارو چالاکیە هونەریەکانی خۆیدا هەریەک لەکاریگەریەکانی هونەری نوێی ئەوروپی لەگەڵ ئەزموونی هونەری سەرەتایی خۆی لە مۆزەخانەی عێراقدا ئاوێتەکردبوو. ئەو هونەرمەندە دەیەویست زمانێکی هونەری بازاریانەی گشتی بۆ عێراق دروست بکات. هەروەها بەوە بەناوبانگ بوو کە جۆرێک لە ئامێزانبوونی لەنێوان فۆرمە ئەبستراکتەکان و وێنەو هێما و ڕەمزەکانی وڵاتی مێسۆپۆتامیا دروست دەکرد. هەروەها مۆنیومێنتی ئازادی لە شارە بەغداد، کە خۆشی دەربڕینە بۆ شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨. دوانیتر لە کارە هونەریە گرێنگەکانی هونەرمەند جەواد سەلیم نماییش دەکرێن، کە بریتین لە کاری هونەری مریشک فرۆش (ساڵی ١٩٥١)، کە لەدوای یەکەمین نماییشکردنیەوە لە ساڵی ١٩٥٠وە تاکو ئێستایشی لەگەڵدا بێت لە هیچ شوێنێکی گشتیدا نماییش نەکراوەتەوە.

هونەرمەند شاکر حەسەن ئال سەعید نیگار کێش، پەیکەر تاش و نووسەر بوو هەروەها قوتابی هونەرمەند جەواد سەلیمیش بوو. ئەویش بەهەمان شێوەی هونەرمەند جەواد سەلیم زۆر بە قوڵی شەیدای دۆزینەوەی زمانێکی نوێ بوو بۆ هونەری عێراقی، ئەم دوو هونەرمەندە پێکەوە گروپی نوێی هونەری بەغدایان دامەزراند لە ساڵی ١٩٥١ دا. ئەم گروپ و نوێنەرایەتی هەستی نیشتیمانی و دژایەتیکردنی ڕوو لە هەڵکشانی کۆلۆنیالیزمیان دەکرد. ژمارەیەک لە نیگارە هونەریەکانی هونەرمەند ئال سەیید کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە کێشاونی لە پێشانگاکەدا نماییش دەکرێن. ئەو هونەرمەندە لە کارە هونەریەکانیدا زۆر بە چڕی گرینگی بەخودێتی خودا داوە و دواتر گەراوەتەوە بەرەو سۆفیەت و تەجەڕود و فەنابوون لەگەڵ نووسینی عەرەبیدا. شایانی باسکردنە کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا هاوکات لەگەڵ تاڵانکردنی مۆزەخانەی عێراقدا سەنتەری هونەری سەدامیش تاڵانکرا و گەلەریەکانی هەریەک لە هونەرمەند جەواد سەلیم و هونەرمەند شاکر حەسەن ئال سەعیدیش تاڵان کران. ئەم کردەیە بریتی بوو لە پێشێلکردنی میراتی کولتوری ناوازەی عێراق و گوزارشتە لەوەی کە سەرنجی تاڵانکاری نێودەوڵەتی تەرکیزی خۆی کردوەتە سەر کەل و پەلە شوێنەواریەکانی وڵاتی میسۆپۆتامیا، و دەتواندرێت بگوترێت بەشێکن لە میراتی کولتوری جیهانی.

پێشانگاکە هەڵدەستێت بە نماییشکردنی نزیکایەتی نێوان هونەری نوێ و هاوچەرخی عێراقی، لە رێگەی پیشاندانی ئەوەی کە ئاخۆ ئەم لێکنزیکیە چۆن چۆنی پەیوەندی نێوان هونەری نوێ و هاوچەرخ لەگەڵ کۆنینەییدا رونتر دەکاتەوە. هەریەک لە هونەرمەندان نادین حاتەم و ساکار سلێمان هەڵدەستن بە نماییشکردنی کۆمەڵەکارێکی نوێی هونەری دامەزراندن. خاڵی دەستپێکی کارەهونەریەکەی نادین حاتەم بریتیە لە ئاوێتەکردنی نێوان کولتوری خێزانەکەی و گرینگی ئاو، لە کاتێکدا کارە هونەریەکەی ساکار سلێمان بریتیە لە سەیرکردنی گرینگی خاک و پەیوەندی خاک لەگەڵ خەڵک و خودی هونەرمەنددا. خاتو نادین حاتەم هونەرمەندێکی عێراقی-ئوستورالیەو نیشتەجێی شاری بەرلینە. کارە هونەریەکەی نادین حاتەم پشت بە نیگارکێشان و پەیکەرتاشین دەبەستێت هەروەها هەندێک شتی رۆژانە پێکەوە کۆدەکاتەوە وەک ڕەنگدانەوەیەک لەسەر زمان و شوناس و نوێنەرایەتیکردن. کاری ئەم هونەرمەندە لە پێشانگاکەدا بریتیە لە گەڕانێک بە نێو نەریتەکانی کۆمەڵەی ئایینی مەندائیەکان، ئەمانە گروپێکی ئایینین لە باشوری عێراق و خێزانی ئەم خاتوونە هونەرمەندەش سەربەم گروپە ئایینیەیە. مەندائیەکان بەشێوەیەکی تایبەت یۆحەنناى (معمدان) و کۆمەڵێک مومارەسە و نەریتی رۆشەنبیری پەیوەست بە

ئاوەوە بەپیرۆز دەزانن. کاری هونەری دامەزراندنی خاتو نادین حاتەم بریتیە لە گەڕانێک بەنێو ئەم بابەتەدا لە دوتوێی ئەم کەل و پەل و شتانەی کە یادەوەری دایک و باوکی هونەرمەند و هەروەها یادەوەری کۆمەڵەی ئاینی مەندائیەکان دەجوڵێنن. کارەهونەریەکانی ئەم خاتونە هونەرمەندە هەندێک وێنەی ئەلبوومی خێزانەکەی و مەرەکەب و قور دەگرێتە خۆی.

هونەرمەند خاتو ساکار سلێمان لە کاری هونەری دامەزراندنی خۆیدا هەڵدەستێت بە بەکار هێنانی قوڕ و بەردی چیاکانی نزیک ماڵەکەی بۆ دروستکردنی دایۆرامای جیهان بەپێی دید وتێڕوانینی خودی هونەرمەند. ئەمەش هاوکارە وەک تێرامان و وردبوونەوەیەک لە سروشت و پەیوەندی هونەرمەند بەم سروشتە، وەک ئەسڵ و بنەڕەتی مرۆڤایەتی. لەکارە هونەریەکانی خاتو ساکار سلێماندا جۆرە داپڕان وتەجەڕودێک، لە سەرچاوە دووبارەبووەکانی هونەرمەند لە شێوەی بازنەیەکدا، دەبیندرێت، هەروەها پەیوەندیشی هەیە بە سەرقاڵبوونی بیرکردنەوەی هونەرمەند بە ژن ودەنگە نەبیستراوەکەی لە نێو کۆمەڵگادا. خاتو ساکار سلێمان لە کوردوستاندا دەژێت و لە کارەهونەریەکانیدا بەزۆری جۆرێک لە ئاوێتە بوون لەنێوان تێکست و دروشمەکان لە گەڵ دامەزراندنی خاکدا دروست دەکات و هەول دەدات هەندێک شت بدۆزێتەوە کە بەهۆیەوە تەرکیز بکاتە سەر ژیانی رۆژبەرۆژی سیاسی کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری لە عێراقدا.

سێ لە هونەرمەندە هاوچەرخەکان هەڵدەستن بە نمایشکردنی کاری هونەری فیلمسازی، یەکێکیان تەرکیز دەکاتە سەر گواستنەوەی زانیاریە مێژوویەکانی عێراق، لە کاتێکدا هونەرمەندێکیتر کار لەسەر مومارەسەکردنی کاری نووسینی کلاسیکی دەکات و هونەرمەندی سێیەمیشیان تەرکیز دەکاتە سەر مۆسیقا و گواستنەوە لە وڵاتی عێراقدا. هونەرمەند سەدیق کەویش ئەلفەڕاجی هەڵدەستیت بە دروستکردنی کتێبی هونەری و ئەنیمەیشن. کاری هونەری ئەلفەڕاجی لەم پێشانگایەدا بریتیە لە تێکهەڵکێشکردنی هێلکاریەکان لەگەڵ وێنەی جوڵاو(ئەنیمەیشن) کە تیایدا لەم رێگایەدەکۆڵێتەوە کە بەهۆیەوە تیکستی کتێبە قوتابخانەییەکانی عێراق پشتی پێدەبەستن بۆ گێرانەوەی مێژووی رابردووی وڵات. ژمارەکان لە نێو فیلمەکەدا بەنێو ساڵ و سەدە و هێلکاریە مێژووییەکاندا دێن و دەچن هەروەها سەریش دەکێشن بۆ خورافیات و زانستی شوێنەوارناسی و سروت و نەریتە ئاینیەکان و راوکردن. ئەلفەڕاجی لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوەوە عێراقی جێهێشت، لە دوای مانەوەی لە عێراقدا بەدرێژایی شەری عێراق- ئێران، و بەردەوام بوونی لە کار و بەرهەم هێنانی هونەری. ئەو لە ئێستادا لە وڵاتی هۆڵەندادا دەژێت، بەم پێیەش سەرەرای ئەوەی کاریگەر بووە بە نەریت و تەقالیدە ئەوروپیەکان و بەتایبەتیش گوزارشتکارە ئەڵمانیەکان، کەچی لە کارە هونەریەکانیدا هەر پابەندە بە تەرکیزکردنە سەر وڵاتی عێراق.

بەپێچەوانەوە، فیلمەکەی لوئەی فازڵ گرینگی بە نەریتە جیاوازەکانی عێراق دەدات بۆ گواستنەوەی زانیاری نووسراو، کە ئەمە بۆخۆی مومارەسەیەکی زۆر کۆن و دێرینەو تاکو ئێستایشی لەگەڵ دابێت لە شاری بەغدای ئەمڕۆدا بوونی هەیە. نووسەرەکان هەڵساون بە درووستکردنی ئۆفیسی نووسین و کۆپیکردنەوە لە دەرەوەی بیناو باڵەخانە گشتیەکاندا بۆ ئەوەی هەڵبستن بەکاری کۆپیکردن و نووسینەوەی بەڵگە فەرمیەکان بۆ رێبواران و سەردانیکەران. فیلمەکە تەرکیز دەکاتە سەر پیاوێک کە رۆژانە سەردانی یەکێک لەم

نووسەرانە دەکات، وەک هەوڵێک بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوسەرەکەی کە ماوەیەکی کەم بەر لەوکات مردبوو، وەک ئاماژەیەک بۆ یەکیەتی نێوان عێراقی ئەمرۆ مێژوە کۆنەکەی وەک لانکەی سەرهەڵدانی نووسین. هونەرمەند لوئەی فازیل دانیشتوی شاری بەغدایە و لە ساڵی ٢٠٠٩ وە کار لە سەر فلیمسازی دەکات. لەوساوە هونەرمەند خەڵاتی فیستفاڵی فیلمی خەلیج و فیستیفاڵی فیلمی نێودەوڵەتی دوبەی وەدەست هێناوە.

شێرکۆ عەبباس هونەرمەندی بواری مەڵتی میدیایە کە لە بواری کاری هونەری ڤیدیۆ سازی، نواندن، تێکست ، دامەزراندندا کاردەکات. هونەرمەند شێرکۆ عەبباس لە شاری سلێمانی دادەنیشێت، بەڵام لەقتە سەرەکیەکانی کاری دامەزراندنەکەی لەلایەن خوشکەکەیەوە، بە بۆنەی چوونی بۆ ناوەندی کێنێدی لەواشنتۆن لە ساڵی ٢٠٠٣دا، گیراون، خوشکەکەی ژەنیاری ئامێری تشیلۆیە لە تیپی ئۆرکسترای نیشتیمانی عێراقدا. شاشەیەکی نمایشکردنی دووبەش هەڵدەستێت بە نمایشکردنی پرۆڤەی هاوشان لەگەڵ ئەو مەشهەدانەی کە تەصویری ئەم ڕێگایانەی گواستنەوە دەکات بۆ گەیشتن بە ئەمەریکا. گەڵێک هۆکاری گواستنەوە لە سەردانەکەدا بەکار دەهێندرێن، لەوانەش فرۆکەی سەربازی و چارەسەرکردنی بیرۆکەکانی دەشتەکیەکان. کاری هونەری دامەزراندنەکە پەراوی مۆسیقا و بەرنامە و گەلێک تۆماریتری ئەم ئاڵوگۆڕکردنە کولتوریەی، کە روویدا لە سەروەختێک پەیوەندی توند تۆڵی هەبوو بە پەیوەندی نێوان ئەم دوو وڵاتەوە. هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لە بەهاری هەمان ساڵدا روویدا.

دواهەمین هونەرمەندی هاوچەرخی هەڵبژێردراومان بریتییە لە عەلی ئارکادی، ئەو وێنەگرێکی رۆژنامەوانیە کە لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە کاری ئامادەکردنی ریپۆرتاژ دەکات لە سەر راستی و رووداوە تیژرەوەکانی عێراق هەروها لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە رووی کردە ئامادەکردنی ریپۆرتاژ لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ لەو کاتەوەی کە داعش پەلاماری وڵاتی عێراقی داوە. کۆمەڵێک لە نوێترین کارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندە لە سەر ئۆپەراسیۆنی بەردەوامی شاری موسلی دژ بە داعش نمایش دەکرێن کە دابەشکراون بۆ سەر سێ بەش: بەشی یەکەم بریتیە لە کۆمەڵێک وێنە کە نیشانی دەدەن جەنگ چۆن کاریگەری لە سەربازەکان کردوە، بەشی دووەم پێک دێت لەم وێنانەی نیشانی دەدەن کە جەنگ چۆن کاریگەری خۆی داناوەتە سەر خاك، بەشی سێیەمی وێنەکانیش بریتین لەم وێنانەی کە وەسفی ئەوە دەکەن جەنگ چۆن کاریگەری خۆی داناوەتە سەر خەڵکی سیڤیل لە دووتوێی تەرکیزکردنە سەر کۆچکردنی خەڵکی ئەو ناوچانە هەروەها کێشە بەردەوامەکانی ئاوارەکان.

### فڕانسیس ئەڵایس

پێشانگای "کۆنینە" هاورێ دەبێت لە گەڵ پرۆژەیێکی نوێی هونەرمەند فڕانسیس ئەڵایس، ئەو لە شاری ئەنتورێپ لە دایک بووە و لەئێستاشدا لە شاری مەکسیکۆ دادەنیشیت. لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٦ دا گەشتێکی کرد بۆ عێراق و لەلایەن رێکخراوی روئیاوە بۆی رێکخرابوو و لەم گەشتەیدا سەردانی خیوەتگای ئاوارەکانی کرد لە باکوری وڵاتدا. دوای ئەمە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ دا لە سەردانێکی نائاساییدا و لە سەروبەندی هێرشەکانی ئازادکردنی شاری موسڵدا بەهاوکاری بەتالیۆنێکی سەربازی کوردی هاتە بەرەکانی پێشەوەی جەنگی ئەم شارە. بابەتی سەرەکی ئەم کارە

هونەریەی دامەزراندن  بریتی دەبێت لە ڕۆڵی هونەرمەند لە جەنگدا. کارە هونەریەکە بریتیە لە لێکدان و تێکهەڵکێشکردنی کۆمەڵێک نیگار و تابلۆ  و وێنە و سەرنجی  خودی فرانسیس ئەڵایس لە سەر ئەزمونەکەی لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ لە شاری موسڵ. کارە ڤیدیۆییەکە خەڵك لە سەر ئەم بنەمایە جیادەکاتەوە،  **لەم هایلایت کراوەوە دەبێ لە لایەن کاک مهدیەوە تەر جەمە بکرێت تا کۆتایی پارێگرافەکە،**

**-- کۆتایی--**

**چەند سەرنجێک بۆ  نووسەران**

بۆ سەرجەم پرسیارە ڕۆژنامەوانیەکان تکایە پەیوەندی بە (Rees & Company ) ەوە بکەن:

ڕۆزانا هاوکینز:    rosanna@reesandco.com

تەلەفۆن: (8776 3137 20(0) 44+    یان   634 092 7910(0) 44+ )

**سەبارەت بەبەشی وڵاتی عێراق**

سەرپەرشتیاران: تامارا چەلەبی  و پاولۆ کۆلۆمبۆ

ئەنجامدەر- رێپێدراو: رێکخراوی روئیا

ئەنجامدەر یان رێپێدراوی خۆجێیی: ڤیتۆریۆ ئوربانی

پێشانگاکە لە نهۆمی سێیەمی : باڵەخانەی پلازۆ گاڤاڵی- فڕانکیتی جێگیر دەبێت لە، گڕاند کاناڵ، سان مارکۆ ٢٨٤٧،شاری ڤینیسیا

نزیک لە ڤاپۆرێتتۆ: ئەکادیمیا( باڵەخانەی پلازۆ لە بەرەکەیتری پردەکەوەیە)

کاتژمێرەکانی کردنەوە: ١٠بەیانی – ٦ ئێوارە هەموو رۆژێک کراوەیە تەنها ڕۆژانی دووشەممە نەبێت.

کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بەر لە کردنەوە: چوارشەممە ١٠ ی ئایار، ١١ی بەیانی – یەکی دوای نیوەڕۆ.

پێشانگاکە هاوڕێ دەبێت لەگەڵ کەتەلۆگێک کە لا لایەن مۆوسیەوە بڵاو دەکرێتەوە، کە کۆمەڵێک وتار لەخۆدەگرێت لە هەریەک لە : زەینەب ئەلبەحرانی، ڤێنیشیا پۆرتێر، نادا شەبووت و ڕۆبێرت ستۆر و هەندێکی تر.

**سەبارەت بە ڕێکخراوی ڕوئیا**

دەزگای روئیا رێکخراوێکی تۆمارکراوی قازانج نەویستی ناحکومی عێراقیە، و لە ساڵی ٢٠١٢ دا بە مەبەستی یارمەتیدان و دەوڵەمەندکردنی بواری رۆشەنبیری عێراق هەروەها بەمەبەستی دروستکردنی  کۆمەڵێک پرد و ڕایەڵەی رۆشەنبیری  لەنێوان عێراق و جیهاندا

دامەزراوە. ئامانجی هەرە سەرەکی ڕێکخراوی ڕوئیا بریتیە لە پرەودان بە بواری ڕۆشەنبیری عێراق، لە کاتێکدا کە ئەولەویەتەکان تەرکیز لەسەر شتیتر دەکەنەوە. ڕێکخراوەکە ئامانجی ئەوەیە و لەهەوڵدایە کە ببێتە سەکۆیەک  عێراقیەکان بەگشتی و لاوانی عێراقیش بەتایبەتی بتوانن لەم سەکۆیە سودمەند بن و لە رێگەی ئەم سەکۆیەوە بەشداری لە بۆنەو روداوە هونەریە نێودەوڵەتیەکاندا بکەن. سەرەڕای هاوکاریکردنی کار و پرۆژە هونەریە ناوخۆییەکانی عێراق، ئامانج لەم هاوکاریکردنەش بریتیە لە دروستکردنی تۆرێکی پەیوەندیکردن و هەماهەنگی لە نێوان ئەم رۆشەنبیریە لۆکاڵیانەی عێراق کە لەتوانایاندا هەیە بەشداری لە گەشە و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکەن لە عێراقدا، ڕێکخراوی ڕوئیا پابەندە بە سەرپەرشتیکردنی گفتوگۆی نێوان ڕۆشەنبیری و شارستانیەتەکان لە ڕێگەی هونەرەوە.

ڕێکخراوی روئیا دەستپێشخەری و راسپاردەکانی خۆی دەخاتە ڕوو بۆ پرۆژەی داهێنەرانە لە بواری  کارە هونەریەکانی ، بینراو  و بینراو وبیستراو هەروەها هونەری نواندندا. رێکخراوی روئیا دەزگایەکی رێگەپێدراو بووە بۆ بەشداریکردن لە بەشی وڵاتی عێراق لە بیناڵی پەنجاوپێنجەمین و پەنجاوشەشەمینی نێودەوڵەتی شاری ڤینیسیای ئیتاڵی لە مانگەکانی ئایاری سالانی ٢٠١٣ و ٢٠١٥ دا. پێشانگای "جوانی شاراوە"ی بەشی وڵاتی عێراقی بیناڵی ڤینیسیای ساڵی ٢٠١٥،  لە ساڵی ٢٠١٦ دا گوێزرایەوە بۆ ( مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ .S.M.A.K) لە شاری گێنتی بەلجیکی هەروەها لە ساڵی ٢٠١٧ شدا گوێزرایەوە بۆ قەڵای هەولێر لە وڵاتی عێراق.  ڕێکخراوی روئیا لە ساڵی ٢٠١٥ دا هەماهەنگی کرد لە گەڵ هونەرمەندی ناسراوی جیهانی (ئای وێیوێی) بۆ بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک وێنەی هونەری عێراقی لە یەکێک لەبڵاوکراوە هەرە گرینگەکانی جیهاندا لە ژێر ناوونیشانی "شوێنەوارەکانی مانەوە لە ژیاندا:کۆمەڵێک نیگاری کێشراو لە لایەن ئاوارەکانی عێراقەوە و هەڵبژێردراون لە لایەن هونەرمەند ئای وێیوێی(٢٠١٥)"، کە ئاوارەکانی عێراق کێشابوونیان و هونەر مەند ئای ویوی هەڵیبژاردبوون. ڕێکخراوی روئیا لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١٥ دا دەستیکرد بە یەکەمین پرۆژەی چارەسەرکردن لە ڕێگەی دراماوە لە شاری بەغدا بەهاوکاری و پشتگیری دارایی سەندوقی شازادە کلاوسی بەریتانی. ڕێکخراوی روئیا لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٦ دا دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی یەکەمین سەرژمێری بەردەستی هونەرمەندە هاوچەرخە عێراقیەکان لە سەر تۆری ئینتەرنێتدا کە دەتوندرێت لە سەر ئەم ڕایەڵەی خوارەوەدا  دەست بکەوێت: (https://ruyafoundation.org/en/artists ). سەرەڕای ئەمەش لە ئێستادا پێگەی ئەلیکترۆنی-دۆمەینی- رێکخراوی روئیا بریتیە لە سەکۆیەکی زیندوی هونەر لە  سەر ئاستی عێراقدا.  لە سەر ئەم پێگەیەدا بەشێوەیەکی بەردەوام و بەرنامەرێژکراو چاوپێکەوتن لە گەڵ هونەرمەندە ڕەسەن و تازەپێگەیشتوەکانی عێراقدا بڵاو دەکرێنەوە جا هونەرمەندەکان لە  ناو عێراقدا بن یان لە تاراوگەدا نیشتەجێ بووبێتن، سەرجەمی ئەم کارانەش لە پێناوی برەودان بە دایەلۆگ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو پاراستنی ئیمکانیەتی هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەکە. لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٧ دا ڕێکخراوی روئیا دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی دەستپێشخەریێکی پەروەردەیی، بەناوی دەفتەرەکانی ڕوئیا.

www.ruyafoundation.org

**سەبارەت بە سەرپەرشتیاران:**

**تامارا چەلەبی:** لە شاری بەیروت لە دایک و باوكێكی لوبنانی - عێراقی لەدایک بووە. خاتو تامارا لە زانکۆی کامبریج و زانکۆی هارڤارد دا خوێندویەتی و بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری مێژوو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەست هێناوە. خاتو تامارا پسپۆرە لە بواری کولتور و هونەری هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کتێبی یەکەمی بریتیە لە کتێبێك بە ناوو نیشانی "شیعەکانی شاخی عامل و لوبنانی نوێ:١٩١٨-١٩٤٣(پاڵگرێڤ ماکمیلان، The Shi'is of Jabal 'Amil and the New Lebanon: 1918-1943 (Palgrave) -(٢٠٠٦ (Macmillian, 2006) کە یەکێکە لە لێکۆڵینەوە دەگمەنەکانی سیاسەت و کولتور لە فەترەیەکی زەمەنی زۆر گرینگی گۆڕانکاریەکانی وڵاتی لوبناندا. لە درەنگانێکی کاتی چایخواردنەوە لە کۆشکی غەزلاندا، خەونە لەدەستچووەکانی خێزانە عێراقیەکەم. ( هارپێرکۆلینس، ٢٠١٠- HarperCollins, 2010) هەڵدانەوەی پەردەیە لەسەر ژیانی چوار جیل لە بنەماڵەی چەلەبیەکان لە نێو پێشەنگەکانی ژیان وچالاکی سیاسی لە عێراقدا. لە ساڵی ٢٠١٢دا خاتو تامارا چەلەبی بەهاوبەشی لەگەڵ هەر یەک لە بەڕێزان شوان تەها و ڕیم شەذێر کووبەدا هەڵسا بەدامەزراندنی ڕێکخراوی روئیا. خاتو تامارا چەلەبی وەک سەرۆکی رێکخراوەکە بۆخۆی سەرپەرشتیاری و سەرکردایەتی جێبەجێکردنی بەرنامەی سەرەکی ڕێکخراوەکە دەکات هەروەها زۆر بە چڕی بەشداریکرد لە بەرزبوونەوەیان بۆ ئەم دوو بەشەی وڵاتی عێراق لە بیناڵی شاری ڤینیسیا لە ساڵانی ٢٠١٣و ٢٠١٥ دا.

**پاولۆکۆلۆمبۆ:** لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە سەرپەرشتیاری مۆزەخانەی ئیستەنبۆڵە بۆ هونەری نوێ، و لەم ماوەیەشدا سەرپەرشتیار بووە بۆ دووەمین بیناڵی ماردین لە ساڵی ٢٠١٢ و سێیەمین بیناڵی ساڵۆنیک لە ساڵی ٢٠١١دا. هەروەها پاولۆ کۆلۆمبۆ لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٧ سەرپەرشتیاری مۆزەخانەی (Museo Nazionale delle Arti del XXI Secolo (MAXXI) ) بووە لە شاری ڕۆما. بەر لەمەش بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ سەرپەرشتیاری سێنتەری هونەری هاوچەرخ بووە لە جنێف، و لە ساڵی ١٩٩٩ دا سەرپەرشتیاری شەشەمین بیناڵی شاری ئیسەنبول بووە. پاولۆ کۆلۆمبۆ لە کۆمەڵێک پێشانگای وەک: "ئید روسچا میکسماستەر" لە پانیکۆتیکا گیۆڤاننی ئیمارێللا ئەگنێلی تورین(٢٠١٥)، لە "لە پیاهەڵدانی سێبەردا" لە مۆزەخانەی ئێریک بۆ هونەری نوێ، دوبلین، کە گەشتیکی کرد بە نێو مۆزەخانەی ئیستەنبول بۆ هونەری نوێ، تورکیا هەروەها مۆزەخانەی بێناکی، ئەسینا(٢٠٠٩)، هەروەها "ڤرانسیس ئەڵایس لە (MAXXI) لە شاری ڕۆما. پاولۆ کۆلۆمبۆ بەرهەمهێنەری بەشدار بووە بۆ کۆمەڵە فیلمێکی براوەی خەڵات وەک لێواری ئاسمان (٢٠٠٧) و ڕۆحی چێشتخانە(٢٠٠٩).

**سەبارەت بە هونەرمەندان:**

**شێرکۆ عەبباس(لە دایک بووی ١٩٧٨، شاری سلێمانی):** هونەر مەندێکی بواری مەڵتی میدیایە و لە وڵاتی عێراق - شاری سلێمانیدا دەژێت و کاردەکات. شێرکۆ عەبباس زیاتر کار لەسەر ڤیدیۆ، نواندن، تێکست و ئەو شتانەدەکات کە دەیان دۆزێتەوە هەروەها شێرکۆ لە ساڵی ٢٠١٣ دا بەخششێکی خوێندنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەدەست هێنا بۆ خوێندنی (MFA) لە زانکۆی گۆڵدسمیث، لەندەن. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤دا بەهۆی شەڕی حکومەتی هەرێمی کوردوستان لە گەڵ داعشەوە ئەم یارمەتیە داراییەی خوێندنی شێرکۆ بڕا، لەبەر ئەوە سەرەڕای تەواو کردنی خوێندنەکەی شێرکۆ

عەبباس هێشتاش پروانامەی خوێندنەکەی بەدەست نەهێناوە. کارە هونەریەکانی شێرکۆ لە کۆمەڵێک پێشانگای جۆرا و جۆر نمایشکراون وەک "غوربەت" لە هۆڵی نمایشی لەندەن (٢٠١٢)، و "تەنگەبەرێکی ترسناک" لە ستۆدیۆی(Import/Export) لە کاسێل لە ساڵی (٢٠١٢)، "ئازادی لە نێو بەربەستەکاندا؟" لە ڤاکسجۆ کۆنستال، سوێد (٢٠١٤) هەروەها لە ئەلتەرناتیڤا لە غانسک، پۆڵەندا لە ساڵی ٢٠١٥.

**سەدیق کەویش ئەلفەڕاجی(لەدایک بووی ساڵی ١٩٦٠، بەغداد):** یەکێکە لە هونەرمەندە پێشەنگەکانی هونەری هاوچەرخ لە هەندەران. سەدیق ئەلفەراجی لە ساڵی ١٩٩٠ەوە عێراقی بەجێ هێشت و ڕایکرد بۆ ولاتی ئوردن- شاری عەممان و دواجارێش پەنای برد بۆ ولاتی هۆڵەندا و لە ئێستادا لە ئامێرسفۆرت دەژێت و بەردەوامی بەکارەهونەریەکانی خۆی دەدات وەک ڕاهێنەر لەبوارەکانی نیگارکێشان و دیزایینی چاپکردن هەروەها هەڵدەستێت بە دروستکردنی وێنەی جوڵاو وکتێبی هونەری. لەماوەی جەنگی نێوان عێراق-ئێراندا لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) دا، ئەلفەراجی هەڵسا بە بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک هیلکاری نیگاری نەخۆشیە دەروونیەکانی نەخۆشخانەی شەمماعیە لە شاری بەغداد. هەروەها لە نێو کاری هونەری ئەم دواییانەی هونەرمەند دا بوونی وێنەیەکی ڕەشی سێبەر کە تیایدا ئامێزی بێهیواییەکی کەڵەکەبوو زاڵە. هونەرمەند ئەلفەراجی کارەهونەریەکانی خۆی لە پێسانگا نێودەوڵەتیەکاندا نماییش کردوە و لەم دواییانەشدا پێشانگایەکی تاکەکەسی کردوەتەوە بە ناوی "بایۆگرافیای سەرۆک" لە سینتەری پیشانگای بەیروت ، لوبنان(٢٠١٤)، و "بەلەمی عەلی" لە مۆزەخانەی ئەستێرەی سوور لە شاری ئەنتوێرب(٢٠١٦). کارە هونەریەکەی هونەرمەند هەڵبژێردراوە بۆ کۆمەڵێک پێشانگای گەورە لەمانەش پیشانگای" کێ وتی سپەینێ لە ئارادا نیە" لە تریۆ(TRIO) بیناڵی، لە شاری ریۆ دی جانیرۆ لە ساڵی(٢٠١٥)،: " لە وێنەگرتنەوە بۆ ئەبستراکت" ،" هونەری نوێ لە جیهانی عەرەبیەوە" لە مۆزەخانەی بەریتانی لەلەندەن لە ساڵی(٢٠١٥)، هەروەها لە پێشانگای" هونەری ئیسلامی لە ئێستادا". هونەری هاوچەرخ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا. لە (LACMA) لە لۆس ئەنجلۆس(٢٠١٥). هەروەها ئەنیمەیشنی بەلەمەکەی عەلی(٢٠١٤)، و ڕامانێک بۆ نیشتیمانی ئەلفەرراجی، لە لایەن مۆزاخانەی بەریتانیەوە بەدەستهێندران.

**فرانسیس ئەلایس (لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٩، ئەنتوێرب):** لە شاری مەکسیکۆدا دەژێت و کاردەکات. پرۆژە فرە ڕووخسارەکانی ئەم هونەرمەندە زۆرن لە نێویشیاندا چالاکیەگشتیەکان، دەمەزراندن، ڤیدیۆ، نیگارکێشان، هێلکاریەکان- هەروەها کارەکانی هونەرمەند سەفەرکردنی بۆ درێژترین رێگەی مەزەندە بۆ کراو لەنێوان شوێنەکانی لە مەکسیکۆ و ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکادا، تۆمارکردنی فیلمی هەوڵ و کۆششەکانی بۆ چونە نێوجەرگەی گەردەلولوکان هەروەها هەڵگرتنی تەنەکەیەکی کونی بۆیە بەدرێژایی سنورە کێشە لەسەرەکانی ئیسرائیل و فەلەستین. کارە هونەریەکانی هونەرمەند بابەتی پێشانگایەکی مۆزەخانەیی گەورە بوو وەک، چیرۆکی گفتوگۆکردن لە ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٧ لە مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخی تامایۆ لە شاری نیۆ مەکسیکۆ، پێشانگای هونەری ئەمەریکای لاتین دی بۆنیس ئاریس(MALBA)- دەزگای کۆنستانتینی، بۆنیس ئاریس، مۆزەخانەی ناسیۆنال دی بیلاس ئارتێس دی هابانا، شاری هاڤانا هەروەها گەلەری هونەر لە ئۆنتاریۆ لە شاری تۆرۆنتۆ. هەروەها بەدرێژایی چەند دەیەی ڕابردووشدا هونەرمەند فرانسیس ئەلایس چەندین پێشانگای تری تاکەکەسی هەبووە لە شوێنە گشتیەکانی

وەک مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ، تۆکیۆ لە ساڵی ٢٠١٣، تەیت مۆدێرن، لەندەن لە ساڵی ٢٠١٠(کە دواتر گوێزرایەوە بۆ سێنتەری ویلس بۆ هونەری هاوچەرخ لە برۆکسل و مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن لو نیۆیۆرک و مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن PS1 لەنیۆیۆرک)، مۆزەخانەی هامێر، لە لۆس ئەنجلۆس- ٢٠٠٧. هەروەها پۆرتیکوس، لە فرانکفۆرت٢٠٠٦. دەتواندرێت کارە هونەریەکانی فرانسیس ئەلایس لە نێو هەموو کۆمەڵە گشتیەکانی هەموو شوێنەکانی جیهاندا و لەمانەش مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخی سەدەی ٢١، کەنەزەوە، یابان، مۆزەخانەی هونەری دی لا ڤیل دی پاریس، مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن ، مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن، نیو یۆرک، مۆزەخانەی سۆلۆمۆن ر.گوگێنهایم، نیۆیۆرک، مۆزەخانەی ستێدێلجک و تەیت لەندەن.

**عەلی ئارکادی(لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٢، شاری خانەقین):** هەم دەرهێنەری فیلم وهەمیش فۆتۆ گرافەرە و لە ساڵی ٢٠١٠ەش بەدواوە بوو بە فۆتۆگرافەرێکی بواری رۆژنامەوانی. کار و فۆتۆگرافە رۆژنامەوانیەکانی عەلی ئارکادی لە کۆمەڵێک ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتیدا بڵاو بوونەتەوە لەوانەش: سی ئێن ئێن، واشنتۆن پۆست و گاردیانی بەریتانی. هەروەها عەلی ئارکادی لە نێو ئەم دۆخە ئاڵۆز و دیاردە وحاڵەتانەی کە وڵاتی عێراق پێیاندا تێپەردەبێت هەڵساوە بەئەنجامدانی کۆمەڵیک کاری هونەری ناوازە، لەوانەش؛ بە بەدێکیۆمێنتکردنی ژیانی ڕۆژانەی سەربازێکی عێراقی پەککەوتو، مەیدانی هونەری لە شاری بەغداد کە لە ئێستادا لاوان رابەرایەتی دەکەن هەروەها شەپۆلی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیەکانی خەڵک دژ بە گەندەڵیەکانی حکومەتی بەغداد لە ساڵی ٢٠١٥ دا. دوای ئەوەی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ دا دەستی بەسەر بەشێکی بەر فراوانی باکوری عێراقدا گرت، عەلی ئارکادی بەبەردەوامی لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگدا رێپۆرت بەرهەم دەهێنیت. هەروەها عەلی ئارکادی لە ئۆپەراسیۆنانەی دوایی وەدەرنانی داعش لە شاری موسڵدا بۆ ئەنجامدانی کارەکانی لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگ دەچووە نێو هێزە ئەمنیەکانی عێراقەوە. لە ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ سەرپەرستی پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی رێکخراوی یونیسێفی کرد کە بریتی بوو لە مەشق پێکردن و راهێنانی کۆمەڵێک ئافرەتی ئێزیدی لەسەر هونەری فۆتۆگرافی لە نێو چادرگەی ئاوارەکانی عێراق.

**لوئەی فازڵ(لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٢، بەغداد):** دەرهێنەری فیلمە و لە شاری بەغداد دادەنیشێت . دوای ئەوەی لوئەی فازڵ بوو بە ئەندازیاری بیناسازی، لە ساڵی ٢٠٠٩ وە دەستیکرد بەکارکردن وەک بەڕێوەبەری فیلم، و هەر لەم کاتەوە تاکو ئێستا حەوت کورتە فیلمی بەرێوە بردووە و لەنێویاندا کورتە فیلمی لێوسوور (٢٠١٢)، فیلمە کە باس لە پەروەردەی سێکسی دەکات لە قوتابخانەکانی قۆناخی ئامادەیی کورانی شاری بەغداد ، ئەم فیلمە خەڵاتی زێرینی بە دەست هێنا لە فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی دیو فیلم بۆ فیلمی ڕۆژهەڵاتی لە شاری جنێڤ لە ساڵی ٢٠١٤. دواهەمین کاری هونەرمەند کورتە فیلمێکە بە ناوی "کەتان"(٢٠١٣). کە فیلمێکە باس لە کچێکی گەنج دەکات کە لە شاری نەجەف، یەکێک لە شارە پیرۆزەکانی موسوڵمانە شیعیەکاندا، دەژێت، ئەم فیلمە خەڵاتی باشترین بەڕێوەبەر و باشترین سیناریۆی کورتەفیلمی لە فیستیڤاڵی فیلمی کەنداوی ساڵی ٢٠١٤ ی بەدەست هێنا هەروەها خەڵاتی باشترین بەڕێوەبەری لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دوبەی ساڵی ٢٠١٤و فیستیڤاڵی فیلمی هەولێری ساڵی ٢٠١٤ ی بردەوە.

**نادین حاتەم(لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٠، بەغداد):** هونەرمەندێکی شێوەکاری عێراقی – ئوستورالیە و لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیادا دادەنیشێت و کار دەکات. کارە هونەریەکانی نادین حاتەم پشت بە هونەری فۆتۆگرافی و پەیکەرتاشی دەبەستن. هونەرمەند هەمیشە هەڵدەستێت بە پێکەوە کۆکردنەوەی وێنەی دیمەنە سروشتیەکان و ئەو شتانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار دەهێندرێن وەک ڕەنگدانەوەیەک بۆ زمان و فرەچەشنێتی شوناس و نوێنەرایەتی و نواندن. کارە هونەریەکانی ئەم دواییانەی بریتین لە؛ "سێبەرەکان"(٢٠١٦)، کە تیایاندا خاتو نادین حاتەم بەشێوازێکی دیجیتاڵانە هەڵساوە بە لابردنی وێنەی سەربازە ئەمریکیەکان لە نێو وێنەی دیمەنە سروشتیەکانی عێراقدا کە لە کاتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لە لایەن هێزە سەربازیە ئەمریکیەکانەوە گیراون و لە نێو ئینتەرنێتدا بڵاو بوونەتەوە و بێ خاوەنن. "مەیسا و فەیسا"(٢٠١٤)، ئەمەش پرۆژەکارێکی هونەری بوو و باس لە ژیانی دوو ژنی ئاوارەی سوری دەکات کە لە وڵاتی ئوردن لە نزێک سنوری سوریادا دەژین. نادین حاتەم کارە هونەریەکانی خۆی لە کۆمەڵێک پێشانگای نێودەوڵەتیدا نماییش کردوە، لەم پێشانگایانەش؛ پێشانگای "سەرکەوتن" لە ئارتیفەیت لە ساڵی ٢٠١٤، شاری ترێست، پێشانگای "هەندێک سێبەری تریش چیاکان دەگرنە باوەش" لە گرۆسێر واسێرسپشیر،بەرلین هەروەها پیشانگای "شوێنەوارەکان" لە فیستیڤاڵی دووساڵەی شاری مەڕاکش لە ٢٠١٦. نادین حاتەم لە ساڵی ٢٠١٣ دا بەخششی لە بەشی کاروبارە کولتوریەکانی ڕاوێژکارێتی ئەنجومەنی پیرانی بەرلین و لە ساڵی ٢٠١٥شدا لە دەزگای ئیفا(دەزگای پەیوەندیەکانی دەرەوە)ی بەرلین وەرگرتووە.

**شاکر حسن ئال سعید(١٩٢٥-٢٠٠٤)**: نیگار کێش وپەیکەر تاش و نووسەرێکی عێراقی بوو لە شاری بەغداد لە دایک بووە، ئەم هونەرمەندە یەکێکە لە یەکەمین نیگارکێشەکانی هونەری نوێی عێراقی. هونەرمەند شاکر حەسەن بەرلەوەی وەک نیگارکێشێک خولی راهێنان ببینێت لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری بەغداد، کۆمەڵناسی خوێندوە لە پەیمانگای باڵای مامۆستایانی ئەم شارە. شاکر حەسەن لە پەیمانگای هونەرە جوانەکاندا لە ژێر دەستی دامەزرێنەری قوتابخانەی هونەری نوێدا( هونەرمەند جەواد سەلیم) فێری هونەر بوو. دواجار هونەرمەند شاکر پەسەن چوو بۆ پاریس بۆ ئەوەی لە بواری هونەردا زیاتر بخوێنێت لە کۆمەڵێک دامەزراوەی ئەکادیمی فەرەنسیدا و لەمانەش؛ ئەکادیمیای جولیان، پەیمانگای هونەرە دیکۆری و زەخرەفیەکان و پەیمانگای باڵای کۆشکی هونەرەجوانەکان. هونەرمەند شاکر حەسەن لە ساڵی ١٩٥١ دا بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک هونەرمەندان جەواد سەلیم و جەبرە ابراهیم جەبرە کۆمەڵەی هونەری نوێی عێراقیان دروست کرد هەر ئەویش پەیامی فەرمی کۆمەڵەکەی نووسی و تیایدا ئاماژەی بەوە دابوو کە ئەوان مەبەستیانە بناغەی هونەری نوێی عێراقی دابمەزرێنن. هونەمەند ئال سەعید لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بەرەو سۆفیەت و تەجرید گەڕایەوە و دەستیکرد بەبەرهەم هێنانی تابلۆی گەورەی سەر دیوارەکان لەگەل بەکارهێنانی پیتی عەرەبیدا. لە ساڵی ١٩٧١ دا گروپی هونەری یەک ڕەهەندی دامەزراند، ئەم گروپە زیاتر جەختی لە سەر سیفەت و خەسڵەتە شێوەییەکانی پیتی عەرەبی دەکردەوە وەک هاندەر و هۆکارێک بۆ دروستکردنی کاری هونەری لێیان. ئەم هونەرمەندە لە ساڵی٢٠٠٤ دا لە شاری بەغداد بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە دونیا و جیهانی هونەر کرد.

**جەواد سەلیم(١٩١٩-١٩٦١):** لە شاری ئەنقەرە لە تورکیا لەدایک بووە. بەشێکی زۆر لە مێژوو نووسانی هونەر ئەم هونەرمەندە بە پێشەوای هونەری نوێی عێراق لە قەڵەم

دەدەن. ئەو یەکەمین کەسبووە لە عێراقدا کە لە سالانی سیەکانی سەدەی رابردوودا هونەرەجوانەکانی لە ئەوروپادا لە چوارچێوەی بەخشىشێکی خوێندنی ئەوسای حکومەتی عێراقیدا خوێند ئەو لەم ماوەیەدا لە نێوان سالانی(١٩٣٨-١٩٣٩) لە پاریس و لە نێوان سالانی (١٩٣٩-١٩٤٠)یشدا لە ڕۆما خوێندی، بەلام بەهۆی سەرهەلدانی جەنگ لە ئەوروپادا ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ عێراق و لە شاری بەغداد کۆمەلەی هونەرەجوانەکانی دامەزراند.لە سالی ١٩٤٦ دا گەڕایەوە بۆ ئەوروپا بۆ بەردەوامیدان بە خوێندنەکەی لە پەیمانگەی سلەید بۆ هونەرە جوانەکان لە شاری لەندەن لە(١٩٤٦-١٩٤٩). هەر لەگەل گەڕانەوەیدا بۆ عێراق هونەرمەند کەوتە بیری دانانی بناغەی هونەری نوێی عێراقی و پەەودان بەکولتور و ڕۆشەنبیری بینین. هونەرمەند جەواد سەلیم زۆرپەیوەست بوو بەم بزوتنەوە هونەریانەی کە لە ئەوروپادا پێیان گەیشت بوو، لە هەمانکاتیشدا هەولی پەرەپێدان و زیندوکردنەوەی زەخرەفەکانی نێو هونەری شارستانیەتەکانی میسۆپۆتامیا و هونەری ئیسلامی دەدا. لە سالی ١٩٥١ بەهەماهەنگی لەگەل هاوکار وهاوپیشەکانی هەریەک لە هونەرمەند شاکر حەسەن ئال سەعید و جەبرە ابراهیم جەبرەدا کۆمەلەی هونەری نوێی عێراقیان دامەزراند. لە سالیادی شۆرسی ١٩٥٨ دا داوا لە هونەرمەند جەواد سەلیم کرابوو کە مۆنیۆمێنتی ئازادی دروست بکات،کە تاکو ئێستاش بەیەکێک لە هێما و نیشانە هەرە رەمزیەکانی ئەم شارە لەقەلەم دەدرێت. ئەم هونەر مەندە لە سالی ١٩٦١ بەیەکجاری مالئاوایی لە ژیان کرد.

**ساکار سلێمان(لەدایک بووی سالی ١٩٧٩، سلێمانیە):** هونەرمەندێکی بواری هونەری نیگارکێشی و دامەزرانە و لە شاری سلێمانیدا دەژێت و کار دەکات. کارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندە زیاتر تەرکیز لەسەر سیاسەت و ئایین و بابەتەکانی ژیانی رۆژبەرۆژی کۆمەلگای عێراقی دەکاتەوە و بەتایبەتیش ئافرەتان. ئەو بەزۆری تیکست و دروشمە کورتەکان بەکار دەهێنێت کە تێکەلیان دەکات لەگەل کارە هونەریە دامەزراندنەکان و شتە دۆزراوەکاندا. لە کاری هونەری دامەزراندنی ٢٠١٦ بەناوی "بخوێنەوە" هونەرمەند ساکار کتێبەکان بەکاردەهێنێت بۆ گەڕان بەدوای ڕۆلی ئایین و فرەچەشنێتی لە سەردەمی دەمارگیری ئاییندا. زۆرێک لە کارە هونەریەکانی دامەزراندنی خاتو ساکار بریتی بوونە لە پرۆژەی هونەری لە یەك شوێنی دیاریکراودا، بۆ نموونە وەک پرۆژە هونەریەکەی سەر زەویج سالی ٢٠١٤ لە سەر هەردووک شاخی گوێژە و ئەزمەڕ کەبەسەر شاری سلێمانیدا دەڕوانن هەروەها پێشانگای "دوو نەوە" لە حەوشی مۆزەخانەی ئەمنە سورەکە، کە بریتیە لە کۆنە بەندیخانەیەکی سەردەمی رژێمی سەددام و خەلکی تیادا ئازارو ئەشکەنجە دەدراو دەکوژران. هەروەها هونەرمەند ساکار سلێمان کاری کردووە لە سەر گەلێک پڕۆژەی کەمپی ئاوارەکان و کەمپی(IDP) لە باکوری عێراق. پێشانگایەکی بەناوی "کۆچە بەکۆمەلەکان" لە گەلەری سەردەم لە شاری سلێمانی بەهاوبەشی لەگەل هونەرمەندێکی ئاوارەی سوری نیشتەجێ لە خیوەتگای ئاوارەکانی عەربەتدا، نمایشکرا. ئەم هونەرمەندە خاتونە لە سالێ ٢٠١٥ دا لەگەل کۆمەلێک ژنەئێزیدیدا، کە ئاوەرەی نێو عێراق بوون ، کاری کردوە لە چوار چیوەی پرۆژەیەکی هونەری سەر شەقامدا.